www.kurdistannet.org
26-11-2006 13:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بە لَی: مام جەلال نەک هەر سێدارەی سەدام پەسند مەکە، بەڵکو لە جی بە جیکردنیشی رێگر بە!! ...

عبدالرحمن بەندە باوەگورگوری

سەدام بۆ ئێمەی کوردستانی بە گشتی و خەڵکی کەرکوك بە تایبەتی بە واتای کوشتن –برین-ئەنفال – تەرحیل بووە، بۆ هەموولایەك ئاشکرایە ئێستا فلیمی سەدام وەکو هێز و دەسەڵات کۆتایی پێهاتووە، مانەوە یا نەمانەوەی وەك گیانلەبەرێك لە قەفەزی شەرمەزاری دا هیچ لە ناوەرۆکی مەسەلە هەنووکەییەکان ناگۆرێت، بە پێچەوانەوە مانەوەی لە ژیان دا بەو ریسواییە تا کۆتایی دادگایی کردنی بە تاوانەکانی دژ بە خەڵکی کوردستان بۆ ئێمەی کورد زۆر لە گەوهەری مەسەلەکان دەگۆرێت.
هەڵبەتە کێشەی دانیشتوانی کوردستان لە ئێراق دا تەنها سەدام نەبووە هەرچەندە شەقەکەی ئەو لەوانی تر بە ژان تربووە، چونکە وەکو دەرکەوت هەر کەسێك هاتبێتە سەر حوکم لەم وولاتە بۆ خۆی سەدامێك بووە، دیارە هەر لە دووای دامەزراندنی ئێراق لە پاش شەرِی یەکەمی جیهانی و بە زۆر پێوەلکانی هەرێمی کوردستان گرفتی کورد کێشەیەکی سیاسی وئابوری و نەتەوەیی لێکەوتەوە کە تا ئێستا هەموو خەڵکی ئێراق باجەکەی دەدات. زۆربەی حاکمەکانی پێشوو ئەگەر لە هەموو شتێکدا جیاواز بوو بێتن بەڵام لە دژایەتی کردنی خواستەکانی کورد یەك هەڵوێست بوون، زۆربەیان بە کودەتای سەربازی دژ بە یەکتر گۆرِ بە گۆرِ بوون تەنها سەدامە گەیشتە دادگای عادیلانەی خۆی تاکو بەرامبەر تاوانەکانی دژ بە خەڵکی کوردستان بە سزای رەوای خۆی بگات کەچی بەداخەوە خەڵکانێك هەن دەیانەوێت ئەو حەقەشمان پی رەوا نەبینن و پێش ئەوەی لە سەر تاوانەکانی دژ بە کوردستانیان حوکم بدرێت لە سەر مەسەلەی دوجەیل پەتی سێدارە بخرێتە ملی و حوکمی کێشەی ئەنفال و هەڵەبجە بەراویژ بکرێت و کێشەی رەوای کورد لە بواری بە جینۆساید کردن دا کە بایەخی تایبەتی خۆی لە رووی سیاسی و یاساییەوە هەیە تووشی نووشستی بکەن.
ئێمەی کورد با تۆزێك لە عاتیفەو رقی کوێرانە و تۆڵەی بیبەرژەوەندی دوور بکەوینەوە، لە روانگەی تۆڵەوە نەروانینە (سەدام وەکو سەدام حسین المجید کە مرۆڤێکی تاوانبار یا وەکو عەلی کیمیاوی وسولتان هاشم) کە رەنگ دانەوەی سزای ئەو تاوانانەی کە دژ بە کۆمەلانی کوردستان ئەنجامیان داوە نەبێت چونکە خزمەت بە کێشە رەواکەی ئێمە ناکات و جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ مردنی ئاسایی نابێت. بمانەوێت یا نەمانەوێت سەدام هێمای تاوانەکانە، هەرچەندە پێمان وایە هەموو ئەو ئەفسەر و سەربازو جاشانەی کە بەشداری ئەنفالیان کردووە پێویستە بە سزای خۆیان بگەن بەڵام بە هەمویان بارتەقای سەدام ناکەن وەکو تاوانبار و تۆڵەی ئەو مندالە بی گوناهەی لە نێو لانکەکە لە برسانا دەمی بۆ لوولەی چەکی سەربازەکە کردەوە وایزانی مەمکی دایکییەتی کەچی لە جیاتی شیر دەمی پرِ لە باروت کرا.
لێرەدا چەند پرسیارێك خۆی قیت دەکاتەوە:

-ئەگەر سەدام لە سەر کێشەی دوجەیل حوکمی لەسێدارەدانی بە سەردا جیبە جی کرا چ سوودێکی بۆ خەلکی کوردستان هەیە؟
-سەدامێك کە فلیمی سووتاوبێت و لەو وەزعە خۆزگە بۆ خۆزراوە لە ژیاندا بمێنێت یا نەمێنێت چی دەگۆرێت؟
- پێش ئەوە لە سەر کێشەکانی کورد حوکم بدرێت لەو بارە پرِ ریسواییە بمێنێتەوە باشترە یا لە سەر دوجەیل لە سێدارە بدرێت و بی ئگایان و چەواشەکاران بیکەنە پاڵەوانی مێژوو؟

هەڵبەتە لە سێدارەدانی سەدام لە سەر کێشەی دوجەیل بۆ ئێمە کۆستێکی گەورەیەو و کودەتایەکە بە سەر کێشەی مرۆڤایەتی و سیاسی خەڵکی کوردستان، پێویستە بە هەموو لایەك ریی لی بگرین چونکە لە سێدارەدانی واتە پێدانی نەوعێك لە بەرائەت لە هەموو تاونەکانی تر کە زۆربەیان لە ئەنفال-هەڵەبجە-بەرزانییەکان-تەرحیل خۆ دەنوینن واتە لە بار بردنی کێشەییەکی سیاسی و یاسایی گەورەترین نەتەوەی سەر زەمین کە تا دوێنیلە پاڵ ئەو تاوانە گەورانە هاشاو هەرەشە لە بوونی دەکراو تازە وا چرۆی بوونی کەوتۆتە گەشەکردن و ئەگەر دەستیان بڕوات ووشکی دەکەن.

جوولەکە لەتەك هۆلۆکۆست کە بەرەسمی ناسرا وولاتێکیان بۆ خۆیان پێکەوە نا، قەتلو عامی ئەرمەن ئێستا بووە بەوەرەقەیەکی فشاری بە هێزی ئەرمەنەکان دژ بەتورکیا ی میراتگری دەوڵەتی عوسمانی.

کارەساتە جەرگ بڕەکانی خەڵکی کوردستانیش لە سەر دەستی سەدام هیچیان لەوانە کەمتر نیە بگرە بەراورد بۆ ئەم سەردەمە زۆر کاریگەرتریشە لەبەرئەوە بە نیسبەت ئێمەی کوردیش ئەو جینۆسایدەی ئەنفال ئیستا بووە بە باشترین وەرەقەو دەتوانین لە سەر ئاستی جیهان بە کاری بهێنین و بە مانەوەی سەدام لە ژیان دا تا رۆژی بە کۆتایی هێنانی دادگایی کردن و سزادانی سەدام بە مەرگ لە سەر ئەم تاوانانانەی دژ بە کورد ئەگەر بە کردەوە جیبەجێش نەکرێت و پەتەکەش نەخرێتە ملی دەست کەوتێکی گەورەیەو دەبێتە هەوێنی بە رەسمی ناسینی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان. چونکە مێژووی بەشەریەت هەر ئەم چەند سالە نیە کە ئەم جیلە تیا دەژین لە بەر ئەوە پێویستی بە بەڵگەی رەسمی هەیە و خەڵکی تەعامول لە گەڵ واقعی بەڵگەدار دەکات و دەیەها ئیدعا و هاواری ئەم لاو ئەو لا ناکاتە بەڵگەیەکی مێژوویی وەك حوکمی ئەم دادگایە کە کەیسێکە نابێت بە هیچ جۆرێك فەرامۆش بکرێت. لە لایەکی ترەوە بە هۆی ئەم دادگاییەوە بە قەدەر کۆڕەوەکەی بەهاری 1991وە زوڵم و زۆری خەڵکی کوردستان گەیشتە رای شەقامی عەرەبی و گشتی، بە درێژە پێدانی دەنگ دانەوەی زیاتر و کاریگەری پتری لە سەر رای گشتی دەبێت،

لە بەرئەوەی شاهێد حاڵەکان زیندوون توانراوە هزری بەهەزاران چەواشە بوو یا بی ئاگای عەرەبە و غەیرەی راست کردۆتەوە. ئاشکرایە ئەگەر خوودی سەدام لە مەحکەمەکەدا وجودی نەبوو ئەوا مەحکەمەکە تام و چێژەکەی جارانی نابێت و گوێگرو بینەری جارانی نامێنێت بەمەش ئەو پەیامە پیرۆزەی ستەم دیدەکانی کوردستان ناگاتەجیی خۆی.

لەم روانگەیەوە دەبێت بە هەموو لایەك پشتگیری لە مام جەلال بکەین هەرچەندە لەم مەحکەمە تایبەتانەدا پێویست بە مسادەقەی سەرۆك کۆمار ناکات، نەك حوکمی لە سێدارەدانی پەسند نەکات بەڵکو بە هیمەتی ئەو و بە هەوڵی هەمولایەك نەهێڵرێت سزاکەی دوجەیل جیبەجی بکرێت، چونکە ئاو دیو کردنی سەدام بۆ دۆزەخ تەنها مەسەلەی کاتە و هیچی تر بەڵام دوواخستنی بۆ پاش حوکمی رەوای دادگا سەبارەت بە جینۆسایدی خەڵکی کوردستان هەرس هێنانە بە کودەتایەك بۆ بیپێزکردنی تاوانەگەورەکان دژ بە خەڵکی کوردستان.